کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 2:08 12-11-2007

نامەیەکی کراوە

– بۆ کۆمیتەی نۆبڵی ئاشتی لە ئەنیستیتۆی نەرویجی
– کۆمیتەی خەڵاتی ساخاروف لە پەرلەمانی ئەوروپا

بابەت: ڕەتکردنەوەی پێشنیاری بەناو ئاشتیخوازێك بۆ خەڵاتی ئاشتی جیهانی... شەریف حسین

بەڕێزان من هاوڵاتیەکی کوردم و شیعر و نووسینیشم هەن بەڵام ئەو حەقە نادەم بەخۆم خۆم ناوبنێم شاعیر و نووسەر و ئەو مافە بۆ خوێنەرانم جێدێڵم و پێناسەی ئەو یەکێتیە دەستەمۆیانەی شاعیران و نووسەران ناخەمە گیرفانمەوە و بە ڕەنجی شانی خۆم سەربەرزانە خێزانم پەروەردە دەکەم و چاوەڕوانی مووچەی ڕێزلێنانی هیچ حکومەتێك و حیزبێك نیم. خەڵکی شاری سلێمانی باشوری کوردستانم و لە هەندەرانیش گەڕاومەتەوە و بەرەوام نەزانی کە من پاسپۆرتی وڵاتێکی ترم لە گیرفاندا بێت و لەو بەهەشتە هەندەرانیەی ئەم سەرزەمینەدا بژیم و کوردیش بم و وام بەباش زانی بێمەوە سەر زێدی باپیرانم و هەرچیم پێبکرێت لێرە بیکەم، چالاکێکی بواری مافەکانی مرۆڤ و ئاشتی و یەکسانیم و تەمەنی خەباتکردنم لەم بوارانەدا لە چارەکە سەدەیەك تێدەپەڕێت، بۆیە بە مافی خۆمم زانی ئەو پێشنیارەی مەهاباد قەرەداغی (کە نازانم چۆن دەکرێت ئەم خانمە قەرەداغی بێت و کەرکوکی بێت، وەك لە نامەکەیدا هاتوە، لەکاتێکدا قەرەداغ ناوچەیەکی سلێمانیە) ڕەتبکەمەوە کە مرۆڤێکە سەرۆکی حیزبێك و عەشیرەتێکە و حیزبەکەی لەماوەی شازدە ساڵی ڕابردوودا خەڵکەکەی دەچەوسێنێتەوە هەرچەندە ئەو مرۆڤە کۆمەڵێك ڕەوشتی بەرزی تێدایە کە دوژمنەکەشی ناتوانێت نکۆڵی لێبکات! بەڵام هەڵسوکەوتی حیزبەکەی و حکومەتەکەی هەرگیز وای لێناکات لە لیستی پاڵێوراوانی خەڵاتی بۆبڵی ئاشتی و خەڵاتی ساخارۆڤی پەرلەمانی ئەوروپادابێت بۆ هەڵسەنگاندن و دڵنیاشم کاندیدێکی بێهێز دەبێت بۆ بردنەوەی خەڵاتی ئاشتی جیهانی.

ئەو مرۆڤەی مەهاباد کەرکوکی پێشنیاری کردووە (مەسعود مستەفا بارزانی)ـە و سەرۆکی کوردستانی عێراقی فیدڕاڵە و سەرۆکی حیزبی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی عەشیرەتی بارزانە. بێگومان جیهان لە بارودۆخی کوردستانی عێراق ئاگادارە و بە پێویستم زانی لەم نامەیەدا باسی بکەم کە چۆن گەلی کورد پاش سەدەیەك ڕووبەڕوو بوونەوەی جینۆساید و سیاسەتی داپڵۆسێنەرانەی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق، لەساڵی 1991 ـەوە گیرۆدەی دوو زلحیزبی گەندەڵ و بەدڕەفتار بوونە و مافەکانی هاوڵاتیان بەجۆرێك پێشێل دەکرێت و بێڕێزی بە مرۆڤ بە شێوەیەکە کە ژمارەی ئەوکەسانەی کە لە وڵات هەڵهاتوون لە سەردەمی سەدامدا لە ترسی توندوتیژی ئەو دەسەڵاتە دکتاتۆریە زۆر لەوانە کەمترە کە لەسەردەمی حوکمی خۆماڵی ئەم دوو حیزبەدا هەڵهاتوون، نمونەی ئەوانەش کە لە سەردەمی حوکمی کورداندا هەڵهاتوون مەهاباد کەرکوکی خۆیەتی.

لەساڵی 1991 ـەوە ئەو دەرفەتە دروست بوو کە کورد خۆی بەشێکی کوردستان بەڕێوە ببات، سیستەمی پەرلەمانی وەك مۆدێلی بەڕێوەبردیان بۆ هەڵبژاردین (چونکە بێ هەبوونی دەستور و ڕاپرسی بڕیاری لەسەردرا) و لە سەختترین بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە گشتی و عێراق بە تایبەتی، کورد خەباتی دیموکراتی هەڵبژارد، بەڵام مەخابن پەرلەمانێکمان هەڵبژارد کە زیاد لە دەساڵ لەسەر کورسیەکانیان مانەوە و بەوپەڕی ئیمتیازاتەوە خانەنشین کران بێئەوەی هیچ خزمەتێکی وایان بە ئەو خەڵکەی هەڵیبژاردن کردبێت. نووستن بە جوملە بووە کارێکی باوی پەرلەمانتاران لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا و بڕیارە ستراتیژ و چارەنووسسازەکان لە دەستی سەرکردایەتی هەردوو حیزبدا مایەوە. بەم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

شێوەیە خەڵکانی تازە ئاشنا بە سیستمی دیموکراتی (وە حاشا ئەگەر ئەمە دیموکراتی بێت بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی ئێوە هەتانە) لەم وڵاتەدا وا تێگەیێنران کە ئەم سیستمەش تەنها ناوێکی گەورەیە بۆ دێیەکی وێران. ئەوەندەی ئەم دوو حیزبە نا دیموکراتانە هەڵسوکەوت دەکەن سەدام، لەگەڵ ئەو هێزە زۆرەی کە هەیبوو و ئەو بارودۆخە ناهەموارەی تیایدا حوکمی کرد، نەیدەکرد.
دەتوانین زۆر بە ڕاشکاوانە بڵێین ئێمەی کورد ئێستا خاوەنی گەندەڵترین حکومەتین لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا و گەورەترین پێشێلکاری مافی مرۆڤ لێرە ڕوودەدات و ڕاپۆرتەکانی مافی مرۆڤ گەواهی ئەوەدەدەن. ئەو بوجەیەی ئەم دووحیزبە ساڵانە وەریدەگرن و دوور لە هەموو شەفافیەتێك بە سەر ئەندامان و لایەنگیرانی خۆیاندا (مەهاباد کەرکوکیش یەکێکە لەوان) تەخشان و پەخشانی دەکەن هەر هێندەی ئەوەیە کە ئێوە وڵاتانی خۆتاننتان پێکردووە بە بەهەشتێك بۆ میللەتانی خۆتان.

بێهێزی (مەسعود مستەفا بارزانی) کە مەهاباد کەرکوکی بۆ خەڵاتی ئاشتی نۆبڵ و ساخاروڤ پێشنیاری کردووە، لە سۆنگەی ئەم خاڵانەدایە:

1. بەهۆی ئەو بەرپرسیارێتییەی کە لەسەر شانێتی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا هەزاران مرۆڤ بە بێ پرسی دادگا ڕاپێچی زیندانەکانی حکومەت و حیزب دەکرێن و دوور لە هەموو مافە دەستوری و یاسایی و مرۆییەکانیان مامەڵیان لەگەڵ دەکرێت و سوکایەتیان پێدەکرێت و دووردەخرێنەوە لە کەسوکار و ماڵ و منداڵیان و ئەشکەنجەی جەستەیی و نەفسی دەدرێن. ناوبانگی گرتوخانەی ئاکرێ، کە لەژێر دەسەڵاتی حیزبی ئەم کەسایەتیەدایە، زۆر خراپتر و دڕەندانەتر و تۆقێنەرترە لە زیندانیەکانی سەردەمی سەدام و گرتوخانەی ئەبوغرێب. کوڕە گەورەی ئەم کەسایەتیە بەرپرسی یەکەمی ئاژانسی پاراستنە و هەزار دادوەر بڵێن ئەو کەسەی گیراوە بێتاوانە بێ ئیمزای ئەو بەرنابێت. لەم پارچەیەی زەویدا ڕاپۆرتنووسان جەژنیانە و نێچیرەکانیان شین! جێگای باسە کە دادوەرەکانیش لایەنگری حیزبین و بە تەزکیەی حیزب ئەو پۆستانە وەردەگرن نەك بەپێی خزمەت و لێهاتوویی وەك ئەوانەی لەمەڕ ئێوە. فڕاندن و دادگایی و سەپاندنی 30 ساڵ زیندانی بەسەر دکتۆر کەمال سەید قادردا، چالاکێکی بواری مافەکانی مرۆڤ، کە تەنها لەبەرئەوەی نووسینێکی بڵاوکردبووەوە و ڕەخنەی لە مەسعود بارزانی گرت نمونەیەکی هەمیشە زیندووە لە نەبوونی بێلایەنی لە دادگاکانماندا و نەبووونی دادپەروەری لەم وڵاتەدا.
2. هەر لەم ساتەدا من ئەم نامەیەتان بۆ دەنووسم کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی لەشکرکێشی تورکیادایە، خەڵکی هیوایەیەکیان بۆ دروست بووە کە ئەم دەسەڵاتە سەقەتانە بەری خۆریان لێبگیرێت و دەربەدەر و ڕیسوا بکرێن و میللەت کەشێکی ئاسودە و تەندروستی بۆ بڕەخسێت هەتا ژیانێکی خۆشی مرۆڤئاسا بژی و ئازادی و مافە سەرەتاییەکانی بەرجەستە بکات و بە کەرامەت و ڕێزەوە بگوزەرێنی و خزمەت بە خۆی و گەلەکەی بکات.
3. سەرۆك مەسعود بارزانی لە ڕابردووشدا لە کاتی بارگژی و ئاڵۆزیەکانی نێوان حیزبەکاندا ئاشتیخواز نەبووە و لە 31 ی ئابی 1996 دا سوپای عێراقی هێنایە هەولێرەوە و کوشتارێکی زۆر ڕویدا و پاش ئەوەش چەندین جار سوپای تورکیای هێنا بۆ گێڕانەوەی هێزەکانی تاڵەبانی بۆ ناوچەکانی خۆیان و لە سەرەتای نەوەتەکاندا کوشتارێکی زۆری لە پەکەکە کرد بە هەماهەنگی تاڵەبانی و لانی کەم بەندە یەك نمونەی لایە کە ئەو کەسایەتیە بە شەخسی لەسەردەمی گەنجێتیدا فرمانی کوشتنی بازرگانێکی داوە کە هەڵسوڕێنەری بازرگانیەکانی حیزبەکەیان بووە لە ئێران و دەزگای پاراستنی سەر بەو حیزبەی ئەم کەسایەتیە تەمەنێکی درێژی هەیە لە ڕفاندن و تەسفیەکردنی خەڵکیدا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سروشتی ژیانی ئێمەی كورد هەردەم وای پێویست كردووە كە چەكهەڵبگرین و ئامادەی شەڕبین و ئەمەش تاكە ڕێگەیە كە زامنی مانەوەی ڕەچەڵەكی ئێمەی كردووە و ئاشتیخواز بەومانایەی ئێوە بەدوایدا دەگەڕێن لەناو ئێمەدا نیە و خەڵاتی ئاشتی بۆ ئێمە لەوەدایە بەردەوامبین و نەیارانمان نەتوانن قەلاچۆمان بكەن و لەم ڕووەوە گومانم نیە مەسعود بارزانیش هەردەم وای پێباشبێت كە پێیبوترێت "پێشمەرگە" نەك "ئاشتیخواز" لەگەڵ داخی زۆرم بۆ ئەو لەكانەی بەرناوی پیرۆزی پێشمەرگە كەوتووە.

هیچ گومانم نیە كە ئێوە بە وتەی ئەم خانمە هەڵناخەڵەتێن و پشكنینی تەواو بۆ پاڵێوراوانتان دەكەن و دڵنیاشم ئەم خانمە ئەو نووسینەی تەنها بۆ خۆبردنە پێشەوە لەو كەسایەتیە و حیزبەكەی نووسیوە و هەر بۆیەش بە شێوەی نامەی كراوە بۆتان دەنێرێت دەنا ئەوەی كۆلكە خوێندەواریەكی هەبێت دەتوانێت ناونیشانی ئێوە لەرێی ئینتەرنێتەوە بدۆزێتەوە و باوەڕیشم وایە كە خۆشی سور دەزانێت ئەو نامەیەی بەو شێوەیە ناگاتە ئێوە بەڵام رۆژ رۆژی ماستاو ساردكرنەوەیە لەم دەقەرەدا و بوجەی نەوت لە بەغداوە بەردەوام دێت و كە كاسەی سەرۆك چەور بوو كاسەلێسان هەڵپەیانە.

لەگەڵ ڕێزی زۆرمدا

شەریف حسین
2007-11-4

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.